IB - SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenier

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

Statik Planung Bauleitung Gutachten

**سێکتەری ئابووری**

خەملاندنی پێویستیەکانی ئەم بوارە لە بیناسازی پەیوەستە بە پێویستییەکانی لە بواری
کشتوکاڵ و
دارستان و
پیشەسازییە خۆماڵییەکان و
بازرگانی و
بەخێوکردنی ماسی و
هەندێکی تر.

Extension Need لە سێکتەری ئابووریدا بەهۆی جیاوازی [ژمارەی هەبوون و ژمارەی پێویست] نەهاتوتە کایەوە، بەڵکوو لە کۆی ئەو داواکارییانەی کە پرۆژە بیناسازییەکان لە بواری ئابووریدا هێناویانەتە دی لەگەڵ باشکردن و ڕەخساندنی ڕێژەیەکی کەم لە بوارەکەدا، خەمڵێنراوە.

هەموو زانیارییەکان ئەوە دەرئەخەن، کە لە ساڵی 1988 ەوە تا ساڵی 2003 باکووری عێراق ڕێژەیەکی کەمی لە بەرهەمهێنان هەبووە واتە Brutto Social Product ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی خێرا زیادی کردووە.

بەم پێیە بۆ Extension Need بڕی 3204,24 Mio. US $ و بۆ
Preservation Need بڕی 2913,06 Mion. US $ لە ساڵی 2003 وە تا ساڵی 2015 خەمڵێنراوە.

لە بواری کلتووریشدا باکووری عێراق پێویستی بە بینای خزمەتگووزاری جۆراوجۆر هەیە، چوونکە بینا درووستکراوەکان پێویستییەکانی دانیشتوان بەرجەستە ناکات. بۆ نموونە بینای تەندروستی زۆر پێویستە بۆ باکووری عێراق، لە کاتێکدا کە 24%ی ژمارەی دانیشتوانەکەی نەخوێندەوارن. بینای ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بەهەمان شێوە پێویستییەکانی هاووڵاتیان پڕناکاتەوە.
تا ساڵی 2015 باکووری عێراق پێویستی بە بودجەیەک هە یە بۆ درووستکردن و نوێکردنەوەی بینای تایبەت بۆ بوارەکە کە برەکەی بۆ Preservation Need ئەگاتە نزیکەی 873,89 Mio. US $ و بۆ Extension Need ئەگاتە 1019,62 Mio. US $.

Extension Need لە بوارەکەدا تا ساڵی 2015 زیاتر خۆی لە درووستکردنی بینای نوێ بۆ قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان دا ئەبینێتەوە، کە لە ڕابووردودا بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگوێ خرابوون.

Saiwani